Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080204

# میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری (هێمن موکریانی) دا

**سەردار فایق مجید**

**بەشی کوردی / کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی گەرمیان**

**عیماد شکور محمود**

**ب. پەروەردەی گەرمیان/ پەروەردەی کەلار**

**پوختە**

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، میتۆدێکە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، هەروەکو چۆن کاریگەری و ڕۆڵی ئەدەب لە کۆمەڵگادا دەردەخات، ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە دەکاتەوە کە بۆ چارەسەرکردنی بوارە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەم هاتوون، هەروەها دەیەوێت لەڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە ڕەوتی پێشکەوتن و گۆڕانکاری کۆمەڵگا دەربخات.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: لەنێو توێژینەوەی کوردیدا ئەم بوارە جێگەی بایەخی توێژەران بووە، بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە و پێویستی هەنوکەیی کۆمەڵگا لەم بوارەدا ئەوە دەخوازێت، کە لە چەندین ئاراستەی جیاوازەوە گرنگی بەم بوارە بدرێت، بۆ خستنەڕوو و چارەسەرکردنی هەمیشەیی کێشەکانی کۆمەڵگایی کوردی، بۆیە ئێمەش لەژێر ناونیشانی (میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزە کردنی لە شیعری هێمن موکریانی)دا، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجام داوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریمان پەیڕەو کردووە.

ئامانجی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا، ئامانجمانە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی شاعیر دەستنیشان بکەین، کە وێنەیەکی هونەریانەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی پیشان داوە، هەروەها کاریگەری دەقی شیعری هێمن موکریانی لە چارەسەرکردن و خستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بخەینەڕوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کراوە. بەشی دووەمیش پراکتیزەی کارەکییە، لە شیعرەکانی "هێمن موکریانی" دا .

*Article Info*

Received: April, 2021

Accepted :June ,2021

Published :July ,2021

*Keywords*

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، هێمن موکریانی، ڕەوانگە ڕەخنەییەکان.

*Corresponding Author*

emad.shkur2014@gmail.com

sardar.faeq@garmianedu.krd

## پێشەکی:

توێژینەوەکەمان، کە لەژێر ناونیشانی(میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری (هێمن موکریانی)دایە، هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ و بابەتیانە بۆ شیعرەکانی هێمن موکریانی، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر و بەرخوردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، شاعیر هەوڵیداوە تێڕوانینی خۆی بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و کولتوری باوی کۆمەڵگا و داب و نەریتەکان بخاتەڕوو، هەروەها چاکسازییەکی بنەڕەتی لەو بوارانەدا بکات، ئەمەش بەهۆی ئەو پێگە و ناوبانگەی کە لە کۆمەڵگادا هەیبووە. لەلایەکی دیکەوە سادەیی شیعرەکانی وایکردووە جێگەی بایەخی کۆمەڵانی خەڵکی بێت، لەهەمان کاتدا بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی داناوە، هەر ئەمەش وایکرد کە ئێمە توێژینەوەکەمان لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام بدەین. بۆیە هەوڵدەدەین ئەو بابەتە کۆمەڵایەتیانەی کە شاعیر تێڕوانینی جیاوازی لەبارەیانەوە هەبووە و ڕەخنەی لێ گرتووە، بیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەمەش لە دیارترین بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، هەروەها ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لقێکی دیاری سۆسیۆلۆژیای ئەدەبە، بۆیە ئەگەر ئەدەب و شیعر بەتایبەتی هەوڵی جێبەجێکردنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت، ئەوا دەتوانین بە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەبەرئەنجامەکانی ئەو ئەرکە بکۆڵینەوە.

## بەشی یەکەم: میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

### 1-1- چەمك و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی لە مێژینەیە، هەر ئەمە وایکردووە، کە ئەدەب بە ئاوێنەی دەرخستنی نهێنیە شاراوەکانی کۆمەڵگا دابنرێت. ئەم میتۆدە، ((هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەدەب و کۆمەڵگا پێکەوە پەیوەست بکات و ئەوە بخاتەڕوو، ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەگشتی و نووسەر بەتایبەتییە، بۆیە لەو پەیوەندیە دەکۆڵێتەوە کە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە هەوڵی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان دەدات))(محمد، مستەفا، 2019: 291). بیرۆکەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەکو ئەوەی کە پێرباس پێریس(...) باسی لێوە دەکات، ((ئەو تیۆرەیە کە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت))(مەعروف، 2012: 23). ئەم میتۆدە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کەپەیوەنییەکی توندوتۆڵ لە نێوانی ئەدەب و کۆمەڵ دا هەیە، بەم کارە سنوری کارکردنی ئەم میتۆدە دیاری دەکرێت، لە هەمان کاتدا خاڵی کارکردنی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا دەستنیشان دەکرێت، هەروەکو چۆن کاریگەری و کارلێکردنەکان دەردەخرێت. لێرەوە دەلاقەیەك دەکرێتەوە بۆ پرسی لایەنگری ئەدەب، چونکە ((پرسی لایەنگریکردن لە ئەدەبیاتدا تاڕادەیەك پەیوەست و پابەندە بەپرسی پەیوەندی ئەدەبیات بەجیهانی واقیعەوە، ئەدەبیات واقیعی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تاڕادەیەك ڕاستەوخۆ دەنوێنێتەوە، دەئافرێنێت))(ئیگلتۆن، 2017: 168). هەمیشە ڕوانین لە بەرهەمە ئەدەبیەکان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ((هەوڵێکە بۆ ئاشکرا کردنی دیوە شاراوەکەی بیرکردنەوە و دەق وەکو بەرهەمێکی کۆمەڵگا))(مەنتك، 2018: 66).

دەقە ئەدەبیەکان بەزۆری گوزارشت بووە لە ڕوانگە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا هەبووە، ئەم پەیوەندییەش پێوەندییەکی لەمێژینەی هەیە، هەمیشە ئەدەب کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە دیاریکردنی ئاراستەی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە ئەو کەسانەی هەوڵیانداوە لەم ڕوانگەیەوە کاربکەن ((تەنیا باسی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا لەناو ئەدەبدا ناکەن، بەڵکو هەوڵی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ئەدەبیش دەدەن، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لە ژینگەی ئەدیبەکاندا هەیە دیاری بکەن و کاریگەری ئەو دیاردانەش لەسەر ئەدەبەکەی ڕوونبکەنەوە. هەروەها ئەمانە دەیانەوێت بزانن ئەدیبەکە سەر بەچ چینێکی کۆمەڵایەتییە و لە چ دۆخێکی ئابوریدا ژیاوە و لە ئەدەبەکەیشیدا ڕەنگی داوەتەوە))(قادر، 2011: 64).

دەکرێت ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ((بەیەکێك لە جۆرە ئەدەبیەکان دابنێین، ئەگەر هاتوو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەسەری کێشەیەکی ئابوری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات. لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها چارەسەری ئەو بابەتانە دەکات، کە جێگەی گرنگی و بایەخی ڕای گشتییە لەسەردەمی خۆیدا)).(ساڵح، 2012: 13). ڕاستە ئەوەش بگوترێت کە ئەم میتۆدە ئەو ((زانستەیە کە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت، لێرەوە ئەدەب پابەند دەکرێت، بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی کە تێیدا دەژی))(ئەسوەد، 2011: 126).

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێی وایە کە پەیوەندی ئەدەب و ژینگەکەی پەیوەندییەکی لێك دانەبڕاوە بەشێوەیەك ((ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگا، چونکە کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەرە، لێرەشەوە سیفەتی ئایدۆلۆژی لەسەرە))(دیویس و فینك، 2017: 43). ئەمە بەو واتایە دێت کە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی فێری خوێندنەوەی دەقمان ناکات، بەڵکو ((چاومان

بە خوێندنەوەی ژیانمان و پەیوەندییەکانمان لەجیهاندا دەکاتەوە)).(مەعروف،12).

تیری ئیگلتۆن(1943- ...)، یەکێکە لە ڕەخنەگرە ئەدەبییە مارکسییەکانی سەدەی بیستەم، ئەدەب و کۆمەڵگا وابەستەی یەکتر دەکات و دەڵێت: ((ئەدەب لەو کۆمەڵگایانەدا کە سەرقاڵی گواستنەوەن بۆ مۆدێرنیتە، دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لە ژیانی گشتی دا بگێڕێت و دەتوانێت ڕۆڵێکی بەهێزی هەبێت لە دروستکردنی شوناسی کۆی ئەو کۆمەڵگایانەدا و بەناوی ئەو کۆمەڵگایەوە بدوێت)).(کەرەمی،213).

**1-2- بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:**

بەپێی سنوری توێژینەوەکەمان دیارترین بنەمای ئەم میتۆدە دەخەینەڕوو، لەوانە:

1-2-1- ئەم میتۆدە بواری کۆمەڵایەتی بەسەرچاوەی واتا و نووسینی دەق دادەنێت، گرنگی بە پێوەندی نێوان ئەدەب واقیعی کۆمەڵایەتی و شارستانی دەدات، واتە ((ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینی ململانێیانەیە کە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەن)).(مەنتك، 74).

1-2-2- ئەم میتۆدە وابەستەیە بە ئایدۆلۆجییەکانی مارکسەوە، کە ئەدەب و هونەر دەخاتە خزمەتی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە، لێرەوە ((ئەدەب و هونەر دەچنە چوارچێوەی سەرخانەوە کە بزوێنەرەکەی ژێرخانە و بریتییە لە هۆکارە ئابورییەکان)).(شراد، 1988: 234).

1-2-3- ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت دەق هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی بێت و پێویستە دەق بەتەواوی لە واقیعی کۆمەڵایەتی بچێت.

1-2-4- پێویستە ڕەخنەگر کۆمەڵایەتی، کاتێك شاعیرێك دەخاتە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە تا چەند ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەو شاعیرە دەبنە هۆکاری ئاراستەکردنی کۆمەڵگا.

1-2-5- مرۆڤ لە نێو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دەژیت، بۆیە ((ژینگە کۆمەڵایەتییەکە، کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ئایدۆلۆجیای ئەو دەبێت)).(مەنتك، 74).

## بەشی دووەم: ڕوانگە ڕەخنەییەکانی "هێمن"، سەبارەت بە ژیان و کۆمەڵگا:

**2-1- ڕەخنەگرتن لە ئافرەتان:**

لە کۆمەڵگای کوردیدا ئافرەتان پێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەبووە، چ لە ڕووی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ، یاخود لە دەرەوەدا کە شانبەشانی پیاوان لە کار و خەباتدا ئامادەییان هەبووە. دیارە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی لادێ نشین و خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، بۆیە ئەم لایەنەی کاری ئافرەت زیاتر دیار و جێگەی بایەخ بووە، کەمتر بەلای خوێندن و خوێندەواریدا کشاوەتەوە. بورهان قانع ڕای وایە: ((کچ لە جیاتی خوێندن و خوێندەواری لە سەرەتای توانایاندا پیشە سەرەتاییەکانی درەو و دەشت و کێڵگەیان پێ ئەسپاردن، وەکو بژار، پاچەکوڵە، مەڵۆکردن، کێشە، نان و چا دروستکردن. کەمتر بەتەنگ خوێندن و ڕۆشنبیری کچانەوە ئەهاتن)) (قانع، 1979: 13). ئەم سوژەیە لە شیعری هێمندا بە ڕون و ڕەوانی هەستی پێدەکرێت و لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە زۆر ڕووەوە ئاماژەی بۆکراوە، هەم لایەنی کار و خەباتی و هەمیش لایەنی جوانی و لەش و لاری بەرز نرخێنراوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە کەم و کورتیان نەبێت، هەروەها هەوڵ نەدرێت بۆ چارەسەرکردنی و خستنەڕووی ناتەواوییەکانی، بۆیە شاعیر هەوڵدەدات دەست بخاتە سەر کەم و کورتیەکانی و لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە بە ئاگایان بهێنێتەوە، لەو پێشکەوتنانەی کە لە دونیادا ئافرەتان بەدەستیان هێناوە هەروەکو دەڵێت:

کێژی خەڵکی بۆمبی ئەتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی (ئەستێوڵك) و (دەرخۆنە) و (پنە)
فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی یادگاری شیرنە
ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەك نەمێنم کاری ئێوەش هەر لەژوور دانیشتنە(هێمن، 100).

شاعیر بەراوردی ئافرەتانی کۆمەڵگای ئەوروپا و کۆمەڵگای کوردی دەکات، دەیەوێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئافرەتانی دونیا و ئەوروپا لە سایەی خوێندن و زانستدا گەیشتون بە ئەوپەڕی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی. چەندین دەسکەوتی مێژوویان بۆخۆیان تۆمارکردووە، لەوانە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم و فڕین بە ئاسماندا و ڕۆچوون و گەشت بە ناو دەریادا، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا لە جێگەی ئەم دەسکەوتانەدا، ئافرەتانی کوردی هەر ناوی (ئەستێوڵك) و (دەرخۆنە) و (پنە) تەشی ڕستن دەزانن، ئاشکرایە شاعیر ئەم بەراوردکارییە وەکو ڕەخنەگرتن هێناوەتەوە و ڕەخنەیەکی جدی لەو ئافرەتانە گرتووە کە هەر لە بن ماڵ و لە بەینی چوار دیواردا بەبێ ئیش و کار دادەنیشن و ئاگایان لە پێشکەوتنی ئافرەتانی دونیا و کۆمەڵگەی دەرەوە نیە.

**2-2- وەستانەوە دژی پیاوسالاری:**

یەکێك لە دیارترین ئەو بەرخوردە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگا بەرەو داڕووخان و دواکەوتن دەبات، دیاردەی پیاو(نێر)سالاریە، لە کوشندەترین ئەو بەرخوردانەیە کە کۆمەڵگایی کوردی لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا پێوەی دەناڵێنێت، پیاو سالاری دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، هێمنی شاعیر هەر زوو درکی بەم دەردە کوشندەیەی کۆمەڵگای کوردی کردووە و هەوڵیداوە لەڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە کۆمەڵگای لێ هوشیاربکاتەوە، بۆئەم مەبەستە شاعیر ڕەخنەیەکی توند لە ڕەفتاری پیاوان دەگرێت، کە دەرگا لەسەر ئافرەتانیان دادەخەن و ناهێڵن بێنەدەرەوە و مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن.

ئاشکرایە، کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاو(نێر) سالاری بووە، هەر بۆیەش ئافرەتانیان چەوساندووەتەوە و لەکونجی ماڵدا زیندانیان کردووە، ئەمە ((یەکێك بووە لەو کێشە کۆمەڵایەتییانە دەمێکە سەرنجی ڕوناکبیر و شاعیرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە هەرکەسە و بە گوێرەی تێگەیشتن و هەل و مەرجی سەردەمەکەی خۆی، چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە))،(ئیسماعیل، 2010: 159). هێمنی شاعیر ئەمەی نەشاردووەتەوە و ئەم ڕەفتارەی پیاوان لە بەرامبەر ئافرەتاندا، بەدوواکەوتووی ئافرەتانەوە گرێداوە، چەندین فاکتەری دیاری کردووە بۆ ئەم مەبەستە، دیارترینیان بەکەم سەیرکردنی ئافرەتانە لەلایەن پیاوانەوە لە هەمان کاتدا وەکو کۆیلە تەماشایان کردووە هەروەکو دەڵێت:

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کە کچ دابەستە بێ

بەست نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە(هێمن، 100)

دیارە شاعیر نەهاتووە تەنها وەسفی ئەو حاڵەتە بکات، کە ئافرەتانی کورد تێی کەوتوون بەهۆی ڕەفتاری پیاوانەوە، بەڵکو شاعیر ویستوویەتی کۆی بەرخوردی کۆمەڵایەتی بخاتە ژێر پرسیارێکی جدییەوە، لە هەمان کاتدا ویستوویەتی ئەو بابەتە بوروژێنێت کە بۆچی کۆمەڵگا بەیەك چاو تەماشای ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ناکات، لێرەدا شاعیر هاتووە بەخۆی لەو دیاردەیە دەکۆڵێتەوە، ((چونکە شاعیر ئەرکێکی ڕەخنەیی لە ئەستۆدایە و لەڕێگەی داهێنانی چەند بابەت و کەسایەتییەکەوە کە خۆی ڕۆڵی پێداون، چارەنووسی کۆمەڵگا وێنا دەکات)).(سالح، 182)). بۆیە شاعیر پێی وایە دەرگا داخستن لەسەر ئافرەتان و خۆبەگەورە تەماشاکردن لەلایەن پیاوانەوە، کۆمەڵگا بەرە و هەڵدێر و دواکەوتوویی دەبات، هەروەکو دەڵێت:

دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە

دەرکە داخستن لەتۆ دەرکی هومێد داخستنە(هێمن، 100).

شاعیر وەك تاکێکی کۆمەڵگا وێنای کۆمەڵگاکەی کێشاوە، کۆمەڵگایەك لێوانلێوە لە جیاوازی ڕەگەزایەتی و نادادی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگایی کردووە بە دوو چینەوە چینی پیاوان کە چینێکی بێ دەربەست و ئازادبوون لە کۆمەڵگادا، هەرشتێك خۆیان ویستبێتیان بە ئارەزووی خۆیان ئەنجامیانداوە، چینەکەی دیکەش چینی ئافرەتان و کچان بوون، ئەم چینە هەمیشە لەژێر هەژموونی زوڵم و ستەمەکانی چینەکەی دیکەدابوون، بۆیە شاعیر هاتووە ڕەخنەیەکی جدی لەو بەرخوردانە گرتووە و کۆمەڵگاشی لەبەرئەنجامە خراپەکانی هوشیارکردووەتەوە، هەر ئەمەش لە دیارترین ئلیمێنتەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە.

### 3-2- ڕەخنە گرتن لە کولتوری ئایینی:

ئایین لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایە، هەر کۆمەڵگایەك بە پێی ڕێککەوتن و بەرخوردی کۆمەڵگاکە، ئاینێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، لەپاش بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام نەتەوەی کورد هەر بەزووی کەوتنە ژێر کاریگەی ئەم ئاینەوە، لەهەمان کاتدا کولتور و داب و نەریتەکانیشی لەناو کورددا جێگەی قبوڵ بووە بۆیە پابەندبوون پێوە، لە دیارترین کولتوری ئاینی کولتوری حیجاب و پەچەبووە، ئەم کولتورە لەناو نەتەوەی عەرەب و ئیسلامدا بەتایبەت نەریتێکی دیار و پێگە بەهێزبووە، بۆیە هەر زوو ئەم کولتورە هاتووەتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. بەڵام لەلای بەشێك لە نووسەران و ڕۆشنبیران و شاعیران جێگەی ڕەخنە و قبوڵ نەکردن بووە، هێمنی شاعیر هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەربووە، بەڵام بەخۆی ڕەخنەی توندی لە بەشێك لە نەریتە ئاینی و پیاوانی ئاینی هەبووە. بەبۆچونی شاعیر فاکتەرێکی دیاری دواکەوتوویی ئافرەتان کولتوری ئاینی بووە، دیارە ((هەر کۆمەڵگایەك کەلتورێکی هەیە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراوەتەوە، ئەم کەلتورە، دامەزراوە مەزهەبییەکان، زمان، بەهاکان، باوەڕەکان، یاساو نەریتەکانمان دەگرێتەوە)).(شەریف، 2010: 42). شاعیر ڕای وایە: کە لەچك و چارشێو هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردییەوە نیە و لەلایەن کۆمەڵگای دیکەوە و لەژێر پەردەی ئایندا خزاوەتە ناو کۆمەڵگای کوردیەوە، ئەمەش لەو ڕایەوە نزیکە کە پێی وایە: ئەمە بووەتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش ئافرەتان، ((شاعیر بە تێگەیشتوویی و ڕوناکبیرییەکی تەواو، بێ ترس لە کۆنەپەرەست و تەسك بیران،

ڕێگەچارەی ئەم کەموکورتییانە دەستنیشان دەکات)).(قادر و عوسمان، 2009: 297). هەروەکو دەڵێت:

ئەو پەچە و ڕووبەند و چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ
ئەو شڕ و شاڵانە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە (هێمن،101).

شاعیر هەروەکو چۆن ڕەخنە لە ئافرەتان دەگرێت، بەهەمان شێوە هۆکارەکەشی دەستنیشان کردووە، لە هەمانکاتدا چارەسەرەکەشی دیاری کردووە، لێرەوە ئاستی ڕووناکبیری و شارەزایی شاعیر دەردەکەوێت، چونکە کاری تەنها ڕەخنەگرتن نەبوو، بەڵکو ڕێگەچارەکەی داناوە، یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بینینەوەی چارەسەرە بۆ کێشە و گیروگرفتەکان، بەڵام چارەسەرێکی سەردەمیانە و بابەتیانە، بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ کەتواری کۆمەڵگادا، شاعیر زۆر وریایانە دەستی خستووەتە سەر ئازارەکان و چارەسەری گونجاوی بۆ داناون، دیارە شاعیر دوو وێنەی خستووەتەڕوو وێنەی ئافرەتان لە کۆن و نوێدا، خۆی وەکو لایەنگری کۆن داناوە، چونکە لە کۆندا ئافرەتانی کورد زیاتر سەربەست و ئازاد بوونە، بەڵام لە پاش دەرکەوتنی کولتوری ئاینی لەژێر پەردەی دابونەریتە ئاینییەکانەوە ئافرەتان زیاتر پابەندی ئاین دەکران و ئەمەش دەبووە هۆکاری مانەوەیان لە ماڵدا و بێبەش بوونیان لەخوێندن و تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی دیکەیان، بۆیە شاعیر بەم بارە ڕازی نابێت و هانی ئافرەتان دەدات، بۆئەوەی لەژێردەستەیی دا نەمێننەوە و پەنا ببەنە بەر خوێندن و زانست، هەروەکو دەڵێت:

دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە(هێمن، 102).

دیارە لەو ڕۆژگارەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە، چەندین بەربەست هەبووە لە بەردەم پێشکەوتنی ئافرەتاندا، لەوانە کولتوری وڵاتانی دیکە(پەچە)، دەرگا داخستن لەسەر ئافرەتان و بە کەم تەماشاکردنیان، لەمپەرێکی دیاری ئەو دواکەوتنەیان بووە، بۆیە شاعیر پاش دیاریکردنی ئەو بەربەستانە، هەوڵی چارەسەرکردنی داوە بەوەی کە بێنە دەرەوە و دەرکە بشکێنن و کولتوری کۆیلایەتی نەهێڵن و بڕۆنە قوتابخانە و بخوێنن، هەر ئەمەشی بە دەربازبوون لەو باری دواکەوتوویە زانیوە، بۆیە چەند جارێك دووبارەی کردووەتەوە و جەختی لەسەر کردووە.

**2-4- ڕەخنە لە ڕۆژگار و زەمانە:**

ئەدەب ڕەنگدانەوەی کەتواری کۆمەڵگایە، بەو واتایەی کە هەمیشە ئەدەب لەژێر کاریگەری کۆمەڵگادا خۆی نواندووە، شاعیریش ئاوێنەی کۆمەڵگاکەیەتی، ((ڕووداو و پێشهاتەکانی نێو کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ کاریگەریان لە سەر هزر و تێڕامانی دەبێت، بۆیە شارەزابوون لە سەردەمی ڕۆژگاری ژیانی شاعیر خاڵێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەشە وەکو خەسڵەتێکی دیاری ئەو میتۆدە دادەنرێت، لێرەوە کاری ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی داوا لە نووسەر دەکات، کە سەردەمیانە گوزارشت لەبارودۆخی کۆمەڵگا بکەن، بۆئەوەی ببنە نوێنەری ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵگا تێیکەوتووە)). (حمو، 1988: 164).

هێمن وەك و تاکێکی کۆمەڵگاکەی، درکی بەوە کردووە کە ڕۆژگار و زەمانە بە خواستی زانا و هونەرمەند نیە و بگرە پێچەوانەی خواستەکانیەتی، بۆیە ڕەخنە لە ڕۆژگار دەگرێت، بە هۆکاری ئەو نەهامەتیانەی دادەنێت کە دووچاری بووە، بەپێچەوانەشەوە هەمیشە ژیان بە کەیف و ئارەزووی ئەوانە بووە کە نەزان و نەخوێندەوار و هەلپەرەست بوون، لەم ڕووەوە دەڵێت:

هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە
ورینگە خۆشەکەت بۆ تۆ بەڵایە
ئەتۆ خۆش خوێنی حاڵ بۆیە وایە (هێمن، 126).

کۆمەڵگای کوردی لەو ڕۆژگارەی کە شاعیر تێدا ژیاوە بارێکی ناهەموار بووە، لە بەرژەوەندی کەسانێکدا نەبووە، کە زانا و خاوەن بیرێکی ڕووناك و خەمخۆر بوون، بۆیە لە ڕێگەی گلەیی و گازندەوە، ڕەخنەکانی ئاراستەی ڕۆژگار دەکات و دەڵێت هەرگیز چاوەڕوانی ژیانێکی خۆشمەکەن ئەی هونەرمەندان، چونکە هەر هونەرەکەتان دەبێتە مایەی ناخۆشی و ناڕەحەتیتان، لەبەرئەوە ئەم سەردەمە تەنها مرۆڤی خاوەن پارە و زێر دەکات بە خاوەنی پلەوپایە و خۆشگوزەران، شاعیر لە شیعری (خاوەن زێر)دا، دەست دەخاتە سەر ئەم سوژەیە و دەڵێت:

لەبارە قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ
ئەگەر کوڕە و وەگەر گۆجە و شەل و کەڕ
بەژن باریك و شووش و شۆڕە لاوە
ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێر
دەڵێت زانا و ئەدیب و خوێندەوارە
ئەگەر نەیخوێندبێت دوو پیت و دوو دێڕ(هێمن، 88).

ڕەخنەی شاعیر لەدوو ئاڕاستەوە دەر دەکەوێت لە لایەك ڕۆژگار بەکامی نەخوێندەواران دەشکێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنە لە مرۆڤی ئەو کات دەگرێت، کە هەمیشە خاوەن زێر و پارەیان بە مرۆڤی باش و شۆڕەسوار ناو بردووە، هەروەها کە سانی خاوەن زانست و زانیارییان بەکەم تەماشاکردووە، هەروەك لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

بەڵام زێڕت نەبێت سووکی ئەتۆ

بەدی دەرسی هەزاری وەکو شکسپیر(هێمن، 88).

بەم جۆرە تەماشاکردنی زانا و خوێندەوار لەو ڕۆژگارەدا کردەیەکی باو بووە، بۆیە شاعیر هەستی پێکردووە، نەك تەنها ئەمە، بگرە خودی شاعیریش دووچاری ئەم دەردە کوشندەیە بووەتەوە، بۆیە بە توندی ڕەخنە لە ڕۆژگار دەگرێت و بە سپڵەی ناو دەبات و دەڵێت:

لاپەڕەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تێیدا نیە

باسی فرمێسك و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ

ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە

نەمدی هەرتیرێکی دەیهاوێ بەرەو سینەم نەبێ( هێمن، 140).

یاخود دەڵێت:

دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتبارم

لەبازاری ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە

بەتووتووش توشی مەکتەب بۆ دەهاتم من کە زانیبام

خەفەت، مەینەت، کەسەر، بەشی ئینسانی زانایە( هێمن، 142).

دیارە سەردەمی ڕۆژگاری شاعیر ناچیز و نالەبار بووە، بەرامبەر کەسانی زانا و خاوەن هونەردا، بۆیە بەم شێوەیە هێمن کەتووەتە ڕەخنە گرتن لە ڕۆژگار و زەمانە، بە سپڵە و خراپ باسی دەکات و ڕەخنەی لێدەگرێت، هەروەها ئاوات دەخوازێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیخوێندبا و نەڕۆشتبا بۆ قوتابخانە و شتێك فێرنەبا، بۆ ئەوەی تووشی ئەم دەردەسەرییە نەهاتبا، ئەم دەردی سەرییەش بەهۆی درککردنەوە بووە، جا خۆ کەسانی نەخوێندەوار و نەزان بەهۆی ئەوەی کە ئاگایان لە دونیا نەبووە و خەمی کۆمەڵگایان نەبوون، هەمیشە خەریکی کۆ کردنەوەی پارە و سامان بوون، ئەو ڕۆژگارەش ژیان بەکامی ئەوان بووە، بۆیە شاعیری نائومێد کردووە و پەشیمانی کردووەتەوە لەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆشتووە بۆ مەکتەب و خوێندویەتی، ئەم سوژەیە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا جێگەیەکی دیاری هەیە، لە هەمان کاتدا لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیریدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە شاعیر هەم ڕەخنەی لەو ڕۆژگارە گرتووە کەتێیدا ژیاوە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنەی لە مرۆڤی ئەو کات گرتووە. کیشەکانی ئەو کاتی بەشێوەیەکی بابەتی و دەستنیشان کردووە و بەشێوەیەکی زانستیانە و سەردەمیانە ڕەخنەی لێگرتووە و ڕێگەچارەی بۆ داناوە، ئەویش بە کۆڵنەدان و خەباتکردن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە نەخوازراوە ،لە کۆتا چوارینەی قەسیدەی(ئێوارەی پایز)دا بەشێوەی دایالۆگ دەڵێت:

گووتم ((کەوابوو، ئاشنا!

بەشی ئێمە لەناوچوونە))

گووتی: نا، نا، دوور بنواڕە...

دوور بنواڕە... ئاسۆ ڕوونە...))(هێمن، 213).

ڕەخنەگرتن و دەستنیشانکردنی ناتەواوییەکان، دانانی ڕێگەچارەی دەربازبوون، بەشێوەیەك لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگاردا بگونجێت، ئەم شیعرانەی شاعیر دەخەنە چوارچێوەیەکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە.

**5-2- ڕەخنە لە دووبەرەکی و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگا:**

دیارترین لەمپەر لەبەردەم پێشنەکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکدا دووبەرەکی و ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خودی کۆمەڵگاکەیە، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کاری ((پێداچوونەوە بەو ڕۆڵ و کارەی گوایە ناکۆکی و ڕکەبەری نێوان چینەکان، نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە هۆشیاری و هەستی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی چینی پرۆلیتاریا دەیکات)).(عەزیز،2014: 260). کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا دووچاری چەندین کێشە و دووبەرەکی ناوخۆیی بووەتەوە، چ لەئاستی فەرمانڕەوا و دەستەڵاتدارەکاندا بێت، یاخود لە ئاستی کۆمەڵایەتی و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بێت. شاعیران و ئەدیبان وەك تاکێکی دیاری نێو کۆمەڵگا هەر زوو درك بەم دیاردە نالەبارە دەکەن و بە هۆکارێکی کوشندەی دواکەوتنی کۆمەڵگای دەزانن. هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن لەڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، لێرەشەوە دەلاقەیەك دەکرێتەوە بەڕووی کۆمەڵگادا، بۆئەوەی گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەخۆیانەوە ببینن، لێرەدا کاری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێتە گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا، ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ((ئەدەب، لە کۆمەڵ دانەبڕاوە و ئامرازێکە، گوزارشت لە تەواوی کۆمەڵ دەکات)). (حجازی، 2001: 46). کەواتا هەر گۆڕانکارییەك لە کۆمەڵ و کۆمەڵگادا ڕوودەدات، ئەدەبیش هەوڵدەدا خۆی لەو چوارچێوەیەدا بگونجێنێت.

هێمنی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆرتر جەختی لەسەر ئەم سوژەیە کردووەتەوە، چونکە سەردەمی ژیانی شاعیر پڕ کێشەترین قۆناغی کۆمەڵگای کوردی بووە، لەهەموو فیگەرە جیاوازەکاندا، کێشەی ناوخۆی و ڕێکنەوتنی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ ململانێکانیان لەئاستێکی خراپ و مەترسیداردا بووە، لە زۆر بواردا کۆمەڵگای بەرەو هەڵوەشاندنەوە و دواکەوتوویی بردووە، شاعیر هەر زوو هەستی بەم مەسەلەیە کردووە، بۆیە گریانی بۆ حاڵی کۆمەڵگاکەی دێت، لە ڕێگەی گریان و

شێوەنەکەیەوە بۆ کۆمەڵگا، تێڕوانینە ڕەخنەییەکانیشی ئاراستەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکات، هەروەکو دەڵێت:

بەسیەتی دووبەرەکی و ملهوڕی و لاساری

تا برایانە پێکەوە نەدوێن، دەگریم

دەمەوێ ڕێگەی ڕزگاری تەخت بکرێ دەنا

تاکو نسکۆیە بەرن، تاکو هەڵەنگوێن دەگریم(هێمن، 159).

دیارە ململانێکانی نێو کۆمەڵگای کوردی لە سەردەمی ژیانی شاعیردا، زۆرجار لە ئاستێکی خراپدا بووە، هێزەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان پەنایان بۆ دەستی دەرەکی بردووە و لە زۆر حاڵەتدا سەرکەوتوو بوون لەم کارەدا، شاعیر بە گەشبینیەوە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە و بە گاڵتە پێکردنەوە دیوی دزێوی ئەم هێزانە دەردەخات و دەڵێت:

دێتە سەر ڕێبازی ڕاست و دێتە ناو کۆڕی خەبات

خوارەپێچەی لێبڕاوە پیاوی خوار و خێچی کورد

هێزی بێگانەی لەپشت خۆی دیبوو؛ بۆیە وای دەکرد

باری هێلکان نابزوێ خاینی لاساری کورد(هێمن، 134).

یەکێك لە دیاردە ناڕێك و ناپەسەندەکانی نێو کۆمەڵگایی کوردی هێنانی دەستی دەرەکی بوو بۆ یەکلا کردنەوەی ململانێکان، ئەم دیاردەیە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە گەورەترین دیاردەی خراپی کۆمەڵگایی دادەنێن، بۆیە هێمنی شاعیریش دەستی لەسەر ئەم دیاردەیەی نێو کۆمەڵگایی کوردی داناوە و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگایی لە خراپییەکانی داوە، لەهەمان کاتدا ئەوەشی خستۆتە پێشچاوی تاکەکانی کۆمەڵگا، کە ئەگەر دەستبدەنەدەست و هەوڵی دوو بەرەکی نەهێڵن ئەوا کۆمەڵگا لە دەرد و نەهامەتی و نەخوێندەواری و دواکەوتووی دەربازی دەبێت، هەروەکو دەڵێت:

بەختیار و خووێندەوار و ساغ و تێر و پڕ دەبێ

دێتە دەر ماکەی نەهاتی و نەگبەتی و ئیدباری کورد(هێمن، 136).

**6-2- وەستانەوە دژی ئاغا و دەرەبەگ:**

یەکێك لە کوشندەترین و دیارترین دیاردەی دواکەوتنی کۆمەڵگا کێشەی چینایەتیە، ئەم دیاردەیە لە تەواوی دونیادە پەیڕەوکراوە، بەڵام هەر کۆمەڵگایەك بەشێوەیەك و لە ئاستی دیاریکراودا، دیارە ئەم کێشەیە تازەنییە و لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتیدا پەیدابووە و بەپێی گۆڕانکاری کۆمەڵگا خۆی لە بەرگی جیاوازدا دەرخستووە، ((کارڵ مارکس (1818-1883ز)، نووسەری مانیفێستی کۆمۆنیست و سەرمایە، ڕای وایە: ململانێکی ڕەگەز و چینەکان، پێکهاتەیەکە ناتوانین لێی دەرباز ببین لە کۆمەڵگادا))(شەریف: 2010: 179). دیارە نووسەر زیاتر لە چوارچێوەیەکی ئابوورییەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانێت، لێرەوە جیاوازی بۆچوونی لەگەڵ نووسەرێکی وەکو (ماکس ڤێبەر)دا سەرهەڵدەدات، چونکە ((ڤێبەر(1864- 1920)، جگە لەلایەنی ئابووری بڕوای بە توانا(دەستەڵات)، سەروەت و شکۆمەندی و ئابڕوو، دێنێتە گۆڕێ، سەرەڕای دەستنیشانکردنی چین دێنێتە ناوەوە و باسیان لێوە دەکات)).(پێشو، 180). تۆماس بۆتۆمۆر(1920- 1992)، سەبارەت بەم تەبەقەبەندییە و وەك ڕەخنەیەك بۆ مارکس دەڵێت: ((مارکس بۆ ململانێ کۆمەڵایەتی جەختی کردووەتەوە سەر دوو سەرچاوە ئەوانیش، سەرچاوەی سیاسی و ئابوورین، سەرچاوەکانی دیکەی فەرامۆشکردووە، وەك ژیار، کولتور، ئاین، چونکە بونیادی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی ئابووری خێزانی و ژیاری و ئاینی پێکهاتووە))(خلیل،2009: 89). ئەدەب چارەسەری هەریەك لەم پێکهاتانە دەکات، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، چونکە کۆمەڵگای کوردی، ((لە دۆخێکی کومەڵایەتی گوندنشیندا ژیاوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتبوو، زوڵم و زۆرداری ئاغا و دەرەبەگ و چەوساندنەوەی ژێر دەستەکانیان و زەوتکردنی هەموو ڕەنج و ماندوو بوونیان کەلێنێکی زیاتری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکرد و جیاوازی چینایەتی بە ئاشکرا لە کۆمەڵگادا بەدی دەکرا))(مەجید، 2019: 85).

هێمنی شاعیر یەکێك بووە لە شاعیرانەی کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی دیاردا ژیاوە، بەڵام بەم ژیانە ڕازی نەبووە، شاعیر هەمیشە دژی چەوساندنەوەی چینایەتی وەستاوەتەوە، لەلایەك هانی چینی جوتیارانی داوە و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنەی توندی لە ئاغا و دەرەبەگ و هەلپەرەستان گرتووە و بە دز و جەردە و خوێنمژ و نالەبار وەسفی کردوون، لێرەوە دەڵێت:

ئەوەی ئاغابێ بێ کارە

جەبون و قەڵس و لاسارە

دزی و ڕێگرتنی کارە

ئەمن دەیڵێم و بێ باکم (هێمن، 88).

دیارە وەستانەوە و ڕەخنەگرتن لە ئاغاو دەرەبەگ کارێکی ئەستەم بووە، هەر کەسێك لە دژی بەرژەوەندی ئاغاکان بوەستایەتەوە، یاخود ناڕەزایەتی دەربڕیبا، ڕاستەوخۆ لەلایەن پیاوانی ئاغاوە سزادەدرا و تۆمەتی ناڕاست و ناڕەوایان بۆ دروستدەکرد، بەڵام شاعیر زۆر بێباکانە ڕەخنەی لەم چینە زۆردارەی کۆمەڵگا کرتووە و بە بێکار و دز و ترسنۆك و ڕێگر ناویان دەبات، لە هەمان کاتدا بێباکە لەوەی چی بەسەر دێت هەروەکو خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، لە درێژەی شیعرەکەدا

ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ئاغا و دەرەبەگانە هیچ سەودایان لەگەڵ خوێندن و خووێندەواریدا نیە، بۆیە چینێکی بێ کەڵك و هیچ کامیان سیفاتی باشیان تێدانیە هەروەك دەڵێت:

گەلێ بێ فیکر وئیدراکن
گەلێ بێ خێر و ناپاکن
توخوا کەی کامیان چاکن؟
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم(هێمن، 89).

شاعیر لەڕێگەی ڕەخنەگرتن و بەکەم تەماشاکردنی ئاغا و دەرەبەگەکانەوە، ویستویەتی کۆمەڵگا لەخراپی و نالەباری هۆشیاربکاتەوە، هەروەکو چۆن ویستویەتی ڕێگەچارەی دەربازبوون لەم جیاوازیە چینایەتیە ببینێتەوە، خۆی وەکو تاکێکی کۆمەڵگا دادەنێت و لە پەرچەکردارەکانی ئاغا باکی نییە و ڕەخنەی توندیان لێدەگرێت:

منم لاوێکی بێ پەروا
لەکەس باکم نییە بەخوا
ئەگەر ئاغا لە حەبسم کا
ئەمن ئەیڵێم و بێباکم(هێمن، 89).

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی خستنەڕووی جیاوازیە چینایەتیەکانە، لەهەمان کاتدا ڕەخنەگرتن و دانانی ڕێگە چارەیەك بۆ دەربازبوون لێی، خاڵێکی دیاری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیە، ئەم سوژەیە لە شیعری هێمندا زۆر بەڕوون و بەرفراوانی بەدی دەکرێت، ئەگەر بەوردی تەماشای پەخشانی (لەکوێوە بۆ کوێ)ی مامۆستا هێمن بکەین ئەوا لە زمانی خۆیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر هەر لە منداڵیەوە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و خاوەن پلە و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بووە، بەڵام هەروەکو خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، هەرگیز بەم شێوازی ژیانە ڕازی نەبووە، ئەم جۆرە ڕەفتارە، سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بووە کە شاعیر بەرژەوەندخواز و هەلپەرست نەبووە و تەنانەت ڕازیش نەبووە بێدەنگ بێت لەبەرامبەر جیاوازیە چینایەتییەکاندا، بەو واتایەی کە هەمیشە وەکو تاکێکی کۆمەڵگاکەی داکۆکی لە مافەکانیان کردووە و دژی چینایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی بووە، لەژێر تیشکی ئەو نموونانەی کە هاتووە، بۆیە دەکرێت شاعیر بخەینە چوارچێوەی ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتییەوە.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، گەیشتوین بە چەند ئەنجامێك، گرنگترینیان ئەمانەن:

1- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگی بەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەدات، کە لە خزمەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بنیاد نراون، ئەم میتۆدە باوەڕی وایە؛ کە ئەدەب گوزارشت لە کۆمەڵگا دەکات، بۆیە شاعیریش وەك تاکێکی کۆمەڵگا لە پێکهێنانی دەقە شیعریەکاندا کاریگەری کۆمەڵگای لەسەرە.

2- کاری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گەڕانە بەدوای ئەو فاکتەرانەی کە ئاراستەی کۆمەڵگا دەگۆڕن، لەهەمان کاتدا دەستنیشانی ئەو فاکتەرانە دەکەن کە گەشە و گۆڕان لە ئەدەبیاتدا دروست دەکەن، (هێمن)ی شاعیر لەناو گەرمەی ڕوداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ژیاوە، بۆیە کاریگەری ئەو ڕوداوانەی لەسەر بووە لە بنیادی دەقە شیعرییەکانیدا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو گەشە و گۆڕانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن، هۆکارێکن بۆ دەرکەوت و گەشەکردنی تیۆری دیکەی ئەدەبی و نوێ بوونەوەی.

3- هێمن لە بنەماڵەیەکی خانەدان و خاوەن پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیدا ژیاوە، بەڵام ئەمەی ڕەتکردووەتەوە و بەرەی کۆمەڵگای گرتووە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی داوە، لەڕێگەی بەیامی شیعری و ڕەخنەگرتن لە دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگاکەی.

4- دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی (جیاوازی چینایەتی، دووبەرەکی نێوان کۆمەڵگا، چەوتی زەمان، دواکەوتوویی و نەخوێندەواری ئافرەتان، نەدانی مافی ئافرەت و چەوساندنەوەی لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە) لە دیارترین ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەن کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە سەردەمی هێمندا هەبووە، بۆیە شاعیر گرنگیی زۆری پێداوە و خەڵکی لە بەرئەنجامە خراپەکانی ئاگادار کردووەتەوە.

5- زۆرترین ڕەخنەی شاعیر لە جیاوازی ڕەگەز و ململانێی نێو کۆمەڵگایی کوردی بووە. لەپاشاندا ڕەخنەگرتن دێت لە ئاغا و دەرەبەگ و زەمانە و ڕۆژگار.

## لیستی سەرچاوەکان


1- ئاوارە کەمال ساڵح، (2012) *ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا*، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

2- ئەحمەد محەمەد قادر ، کاروان عوسمان (2009)، *هێمن لەنێو ئەدەبدا*، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی.

3- تیری ئیگلتۆن (2017)، *مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی*، و.هاوڕێ یوسفی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

4- حەمە مەنتك، (2018)، *میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی*، چاپخانە نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر.

5- حەمید عەزیز(د)، (2014)، *بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

6- دیویس، ڕۆبرت کان و فینك، لای(2017)، "ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی بیستەم"، *ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی*، وەرگێڕانی ڕێبین هەردەی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.؟

7- کەماڵ مەعروف(د)، (2012)، *تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی*، چاپخانەی دەریا، سلێمانی.

8- مارف خەزنەدار (د)،(2010)، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

9- معین خەلیل (د) ، *ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ*، وەرگێڕانی شەهلا وەلی جەبار (2009)، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك.

10- مەحمود کەرەمی،(1395)، *چەمکی ئینسان لەشیعری هێمن دا*، کۆمەڵە وتاری یەکەمین همایشی ناوچەیی(عیلمی فەرهەنگی)هێمن، چاپخانە ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم، سەقز.

11- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل (2010)، *ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی(1920-1958)*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

12- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، (2011)، *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی*، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

13- هێمن شەریف، (2010)، *سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی*، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

14- هێمن، محمدئەمین شێخەلئسلامی (1395)، *سەرجەم و کۆی شیعر و پەخشانی مامۆستا هێمن*، بڵاوکراوەی کوردستان، چ دووەم، سنە.

- **نامەی ئەکادیمی:**

15- سەردار فایەق مەجید(د) (2019)، بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا بەنموونەی شاعیران (ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

**گۆڤارە کوردییەکان:**

16- دڵشاد علی محمد(د)( 2019)، ئاسۆ عمر مستەفا ، *ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، کرمانجی خواروو 1920- 1958*، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(6)، گەرمیان.

17- ڕێبین خەلیل قادر(د)،(2011)، *میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا*، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(167)، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

18- حورية محمد حمو(د)،(1988)، *حركة النقد المسرحي في سوريه(1967-1988)دراسة*، منشورات اتحاد الكاتب العربي.

19- سمير سعد حجازى(د)،(2001)، *النقد الادبى المعاصر(فضاياه و اتجاره)*، دار الافاق العربية، ط1،القاهرة.

20- شلتان عبود شراد (1988)، *مدخل الى النقد الادبى الحديث*، دار مجدلاوى للنشر، ط1، عمان.